# ئەم جارەیان بەناوی خوا

فاضل قەرەداغی

بەناونیشانی "میدیا جیهانییەکان بۆ هێندە ڕاستی دەشێوێنن" ڕۆژنامەی خەبات لەژمارە ۱۲۹۹ لە ۲۰۰٤/٤/۳۱ (لاپەڕە-٦) بابەتێکی بۆ (ریك لیدەروود)، بەرپرسی ڕێکخراوێکی ناحکومیی ئەمەریکی بلاّوکردەوە کە ئەو بابەتەی بەتایبەتی بۆ (خەبات) نووسیوە. نووسەرەکە باس لەکەناڵەکانو دەوریان لەتەشەنەکردنی ئەوەی پێی دەوترێت "تیرۆر" دەکاتو بەتایبەت ئاماژە بۆ کەناڵەکانی CNN ی ئەمریکی BBC ی بەریتانیو دەڵێت خەڵکی لێرەدا بەهەمان شێوە باسی دوو کەناڵی عەرەبیی ئەلجەزیرەو ئەلعەرەبییە دەکەن. ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە ئەوانەی پشتیوانیی ماددیی کەناڵی CNN دەکەن ئەو حزبانەن کە دژی جۆرج بوش، سەرۆکی ئێستای ئەمریکان.

وردبوونەوەیەکی بچووك لە بابەتەکەیناوبراو دەریدەخات کە ئەو لەبەرژەوەندیی حکومەتی ئێستای ئەمەریکا قسە دەکات. کارمان بە مەبەستو نیازی نووسەر نییە چونکە گرنگ چالاکیی کەناڵەکانو هەڵوێستی نەیارەکانیانە.

نووسەرەکە دەڵێت کە خواش پێی خۆشە ئەو کەنالآنە چاودێری بکرێنو "خواش دەڵێت: دەبێ هەندێك شت یاساخ بکرێن".

یاساغکردنی هەندێك شت مەسەلەیەکە پێویستی بە عەبقەرییەت نییە تا حەقیقەتی بزانرێت چونکە هەم عەقڵ دەرکی پێدەکاتو هەم واقیعیش واهاتووە کە ئازادی نییە بۆ وتنو کردنی هەموو شتەکان، جیاوازییەکەی ئەمجارە ئەوەیە ئەوانەی بانگەشەی ئازادی دەکەن هەستیان بەوە کردووە پێویستە هەندێك شت قەدەغەبکرێت، دەڵێم "ئەوانەی" چونکە مەبەستم لە نووسەر بەتەنیا نییە لەبەر ئەوەی ئەو تەنها تاکێکە لەناو ڕەوتێکدا، هەروەها دەڵێم "هەستیان کردووە"و ناڵێم "دەرکیان کردووە" چونکە ئەو ئەنجامەی پێی گەشتوون زادەی بیرکردنەوەیەکی مەنتیقیی نییە بەڵکو هەستە، وردتر: هەستی کەسانێکە کە ئەمجارە ناتوانن سوود لە بانگەشەی ئازادی وەربگرن، بگرە کاری ئەو بانگەشەیە پێچەوانە بۆتەوەو لەقازانجی ئەوان ناکەوێت.

جیاوەزییەکەی تری ئەمجارەو لەبابەتی ئاماژە پێکراوەکەی سەرەوە ئەوەیە قەدەغەکردنی هەندێك شت خراوەتە پاڵ خودا، خۆ ڕاستەو هەمووشمان ئەوە دەزانین کە خودا ژمارەیەك شتی قەدەغە کردووە بەڵام ئەوەی جێگەی قبووڵ نییە ئەوەیە کاتێك داوای ڕێگەگرتن لەوتنی هەندێك شتو چاودێری کردنی وتنی شتەکانی تر بکەین خودامان بیرکەوێتەوە بەڵام کاتێك ئازادی لەباسدا بێت خودامان لەیاد بچێت تەنانەت بگاتە ئەو ڕادەیەش یاخی بوون لەخودا لەگەڵ ئازادیدا یەکسان بێت یان بەپێچەوانەوە.

باواز لەئەمەریکییەکە بهێنین‌و بێینە سەر هەواڵەکانی دوو کەناڵی ئەلجەزیرەو ئەلعەرەبییە کە کەسانێك لەکوردستان‌وعیراقدا ڕەخنەیان لێدەگرن‌و بەکرێگیراوی صەددامیان ناویان دەبەن و دەیانکەنە هۆکارێکی تەشەنەکردنی توندوتیژی لە عیراقدا.

ئەوە زۆر ڕاستە کە نەقڵکردنی هەواڵی شەڕ بەداڕشتنی تایبەتەوە تەشەنە بە کاری توندوتیژی دەدات بەڵکو تەنانەت نەقڵکردنی هەواڵەکە بەتەنیاو بێ تەعلیق ئەم کارەی هەیە، هۆی ئەمەش لەوەدایە، لەم حاڵەتەی ئێستاماندا، کە ئەوانەی لەهەبوونی ئەمەریکی ناڕازین حەماسەت دەیانگرێت بە بیستن‌و بینینی بەرگری لەعیراقداو ئەوەی لەناو عیراقدایە بیر لە لاساییکردنەوە دەکات‌و ئەوەی لەدەرەوەی عیراقدایە بیر لەهاتنە ناو عیراق دەکات، حەماسەت گەورەتر دەبێت کاتێك هەواڵەکان بریتی بن لە چالاکی سەرکەوتووی بەرگری.

بەپێچەوانەشەوە ئەگەر هیچ هەواڵێك نەبێت‌و تەنها وێنەی سەربازی ئەمەریکیی سەرکەوتوو و شکۆمەند لە شەقامەکانی عیراقدا پیشان بدرێت حاڵەتی بێ هیوایی ڕوو دەکاتە زۆر کەس لەو کەسانەو هەر بەرگرییەك بیری لێ بکرێتەوە وەك هەوڵێکی نەزۆك و بێ ئەنجام تەماشا دەکرێت.

بەڵام پرسیارە گرنگ ئەوەیە ئایا ئەگەر کەناڵەکان هیچ هەواڵێك لەم جۆرە بڵاونەکەنەوە ئەم بێ دەنگییە نابێتە خزمەتێك بە هێزەکانی هاوپەیمانان؟ ئەگەر کەناڵەکان بەتەنها بێدەنگ بوون دەبوونە جێگە ڕێزو سوپاس ئەمەریکا، بێگومان ئەگەر داڕشتنەکە دەربڕی هەڵوێستی ئەمەریکا بێت سوپاسەکە گەورەتر دەبوو.

ئیختیاری تریش هەیە لەبەردەم کەناڵەکان ئەویش وتنی هەواڵەکانی شەڕ بەڵام تەنها بەدەنگ‌و بێ پیشاندانی وێنە یاخود تەنها بەنووسین هەرەکو پرسەنامەکانی تیلیتێکست. بەڵام ئەمەش بەهەمان شێوە زیان بەڕاستی دەگەیەنێت‌و خزمەتی هێزەکانی هاوپەیمانان دەکات. ناشکرێت لەگەڵ هەر هەواڵی چالاکییەك دیمانە لەگەڵ بەرپرسێکی عیراقی یان ئەفسەرێکی ئەمەریکی ساز بدرێت تا ئەمانە بەو کارە بڵێن کارێکی تیرۆریستییە.

دوو کەناڵە عەرەبییەکە لەبابەتی بیروبۆچوون یان لەشیکردنەوەی هەواڵێك‌و هەندێ جار لەتەنها وتنی هەواڵەکە لایەنی بەرامبەر دەدوێنن‌و ئەمە بەسە بۆ ئەوەی تۆمەتی لایەنگری لەخۆیان لابەرن بەڵام گومانیش لەوەدا نییە کە داڕشتنی هەواڵەکان‌و تەعلیقدان لەسەریان لایەنگری پێوە دیارەو بەئاسانی لەمانەدا جۆرە شکۆمەندکردنی بەرگری دەبینرێت، هەرچەندە لە ماوەی دواییدا ئەمە کەم بۆتەوە.

هەروەها گومان لەوەدا نییە کە هەستێکی عەرەبایەتی بەدوو کەناڵەکەوە دیارەو جاری وایە دەگاتە ئاستی زوڵمکردن وەك ڕاپۆرتی پەیامنێری یەکێك لەدوو کەناڵەکە لەبارەی ئەو عەرەبانەی لەدەوروبەری خانەقیندا نیشتەجێکرابوون‌و پاش هەرەسی ڕژێمی صەددام هەڵهاتبوون‌و کە لە کۆتایی ڕاپۆرتەکەیدا پرسیاری کردبوو: ئەمە حاڵی ئەو کەسانەیە.. ئایا کێ تەبەننای مەسەلەکەیان بکات؟ پەیامنێرەکە ئەوەی وتبوو بێ ئەوەی ئاماژەیەك بۆ ئەوە بدات کەکەس نەبووە کاتی خۆی تەبەننای مەسەلەی کوردە دەرکراوەکان بکات کە ئەو عەبانە لە شوێنی ئەواندا نیشتەجێکرابوون.

هەرچەندە ئەم جۆرە وتە زەقانە دەگمەنن‌و گیانی عەرەبایەتی بەشێوەیەکی تر لەو دوو کەناڵەدا دەبینرێت بەڵام پاش هەموو شتێك پێویستە ئەم پرسیارە لەخۆمان بکەین ئەگەر بمانەوێت دادپەروەربین: بۆچی ڕەخنە لەو دوو کەناڵە بگرین‌و ڕەخنە لەو کەناڵانە ناگرین کە باسی شکۆمەندیی هێزەکانی هاوپەیمانان دەکەن؟ ئێمە کەناڵی وامان هەیە وا باسی ئەمەریکا دەکەن تەنانەت ڕادیۆی دەنگی ئەمەریکاش، کە کەناڵێکی حکومییە، وا باسی ناکەن چ جای کەناڵی ئەمەریکی ناحکومی، ئەوانەش کە زۆرتر ڕەخنە لەدوو کەناڵە عەرەبییە دەگرن هەر ئەوانەن کەزۆرتر تەرەفگیرن، بەڵام بەبارەکەی تردا.

باشە چیمان لەو دوو کەناڵە دەوێت؟ ئایا دەمانەوێت وەکو زمانحاڵی هێزی هاوپەیمانان قسە بکەن؟ گریمان دوو کەناڵەکە بێ پەردە وەکو قەومییەکی عەرەب یان ئوصولییەکی ئیسلامیی یان تێکەڵ لەمەو لەو ئیشیان کردو دیمانەیان لەگەڵ هیچ بەرپرسێکی حکومیی عیراق یان بەرپرسێکی ئەمەریکی نەکرد مەگەر تەنها بۆ ئیحراجکردن نەبێت.. ئایا چی بۆ ئازادی ڕادەربڕین دەمێنێتەوە ئەگەر نەیارانی بیانەوێت وەکو خۆیان قسەبکەن؟ ئەگەر بشوترێت کە ئەو دوو کەناڵە پەرە بە توندوتیژی دەسێنن بەرامبەرەکە هەقیەتی بڵێت کەناڵەکانی تریش داگیرکردنی عیراق شکۆمەند دەکەن و لە تاوانەکانی هاوپەیمانان بێدەنگن و وای پیشان دەدەن کە بەڕاستی ئەمەریکا بۆ ئازادیی عیراق هاتووەو هەموو شتێك باش دەڕوات و ئینشاڵڵا باشتر دەبێت.

ئەوانەش کە ئێستا دەیانەوێت قەدەغەنەکراوەکان قەدەغە بکەن و ئەمە بخەنە پاڵ خوداو بە ناوی خوداوە بیکەن هەر خۆیانن زۆرترین ڕۆژنامەنووسیان کوشتووە، بەناوی خوداوە کوشتوویانن یان نا پرسیارێکە هیچ ئەهەمییەتێکی نییە.